

*Kurdish Violin player*

*Salah Raouf*

# کەمانژەن

سەلاح ڕەئوف

2009

# سەرەتا

دێتە یادم ئەوسالانەی سەرەتای خولیای فێربوونوژەنینی کەمانچەبووم،ماڵەوماڵ ئەگەڕام بەدوای کەسێکاکەهەمان خولیای هەبێ، بۆ ئەوەی پەرتوکێکی نۆتە، یان پارچە ئاوازێک تەنانەت بەدەستیش نوسرابا هەر پێم خۆشبوو، تەنانەت بەشاری سلەیمانیشەوە نەئەوەستام، ڕووم ئەکردە هونەرمەندان و هەوادارانی هونەری مۆسیقا، گەر پەرتوکێک بگرە لاپەڕەیەکی نۆتەی مۆسیقام دەستکەوتایە، ئەوا داوای مۆڵەتی ماوەیەکم ئەکرد بۆ ئەوەی فریای ئەوەبکەوم کە بڕی ئەونۆتانە بە دەست بنوسمەوە، لەبەرئەوەی ئەوسەردەمە تەنانەت ئامێری کۆپی کردنیش دەگمەن بوو،جاگەر لەناکاو و لە گەشتێکمدا بۆ شاری بەغداد پەرتوکێکی مۆسیقام دەستکەوتبێ جاهەر نۆتەی تیابوایە گوێمان نەئەدایە بۆ کامە ئامێر نوسراوە، بێگومان ئەوجۆرە پەرتوکانە لەوێ پەیداکردنی تۆزێ ئاسانتر بوو، پاش بیرکردنەوەم لە ئاسانکردنی ئەم گرفتەو بەهاوکاری برای هونەردۆست کاک نەوزاد قەفتان هەوڵمان دا لەسەر ئەرکی ئەو بەڕێزە پەرتوکی فێربونی کەمانچە بەچاپ بگەیەنیین، بەڕایمن و زۆربەی هەوادارانی هونەری مۆسیقا، ئەوهەوڵە لەوساتەدا ئەرکی خۆی بەجێهێنا. پاش دەیان ساڵ لەدوای ئەو سەردەمە، کە جۆریڕاگەیاندنەکان ئاسانبوون هەر لە نامەو، تەلەفۆن و رادیۆو تەلەڤزیۆن و گۆڤارو ڕۆژنامەو بگرە خێرا ترینیان کە تۆڕی ئەنتەرنێتە، بەهۆیەوە ئەتوانرێ زۆر بەخێرایی، ئەوەی مەبەستە؛ لێی بگەیتەئەنجام، هەرکەسێ هەوادارو ئارەزو مەندی هەرشتێک لەم دنیایە بێت، ئەوا لەساتێکی کەمخایەندا ئەگاتە بەردەستی، لەوانەش کتێب ونوسراوە هونەریەکان، بەتایبەتی هونەری ساز و ئاواز،کە بەئاستێکی بەرچاو میللەتانی سەرڕوی زەمیین ڕۆژانەو لەهەموساتەکانی ژیانیاندا خەریکی گۆڕینەوەی زانستی وکاری هونەری و پیشاندانی بەهرەی نوێ و ئەفراندنی ئەو کارەنوێیانەی کە ڕۆژانە بەئەنجامی ئەگەیەنن ،بەڵام مەخابن گەلی کورد وەکوو هەمووگەلانی ڕۆژهەلات،بەتایبەتی لەبواری هونەری سازوئاوازدا، لەسەدان ساڵ لەمەوبەرەوە لەوئاستەی خۆیدا نەجولاوەو بەهیچ جۆرێک نەشوونمایەکی بەرچاوی بەخۆیەوە نەبینیوە،هەڵبەتە میللەتی کورد لەسەدان ساڵەوە مێژوو قەرزارباریەتی،لەبەرئەوەی لەناوچەیەکی وادائەژی کە هەردەم خەریکی ململانێی رامیاری نارەواو،نائارامی و زەوتکردنی مافی سەربەخۆیژیانو، سەرقاڵبوونی تاکی کورد، بەکاری دوورلەزانستی وبگرە هونەریش، بەڵام سوپاس بۆخوا، کە ماوەیەکە میللەتەکەمان ئاهێکی وەبەردا هاتووە، ئەتوانی هەناسەیەکی سەرفەرازی هەڵمژێ، بۆیە ئەم سەردەمە بەسەردەمێکی گرنگ دائەنرێ ، بۆبوژاندنەوەی گیانی نەتەوایەتی و بەخۆداچونەوەی تاکی کورد لە کەموکوریەکانی سەردەم، پێم وایە هەولێ تاکی کورد گەر لەهەوڵی دەسەلات زیاترو گرنگترنەبێ، ئەوا بەهیچ جۆرێک کەمتر نییە، لە هەموو دنیادا، بەتایبەتی لەبواری هونەر وبەتایبەتی تریش بواری هونەری ساز و ئاوز (مۆسیقا)، فراوانبوونی ئاستی هونەر کاری تاکەکەسە، تاکی کورد لێی بەرپرسیارە، مێژووی گەلان ئەمە ئەسەلمێنن، لەهەمووسەردەمانێکداو لایهەمووگەلان، پێشکەوتن یان فراوان بوونی ئاستی هونەر لە کەسێکەوە دەستی پێکردوە ، هەرچەندە کارەکەش کاری کۆمەڵی بێت، بەهرەو ئەفراندنی کەسێک بۆتە سەرەتایەکی گرنگ، جاگەر دەستپێکردنەکەئەفراندن بێت ئەوا بێ چەندو چوون ئەو ئەفراندنە


لەگەشەداندا ئەبێت بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، مەبەستم ئەوەیە، هونەرمەند ناشێ چاوەڕێی کەسی تر بکات تا ڕێی بۆخۆشکا، ئەوسا کار بکات، سەردەم سەردەمی ئەوەیە ئەبێ هەردەم لەهەوڵی کارکردنابیت، کاری باش خۆی ڕێ بۆخۆی ئەکاتەوە، کاری لاوازیش لەشوێنی خۆی نابزوێ، بگرە زوبەزو مرداریش ئەبێتەوە گەر فریای چاوهەڵهێنانیش بکەوێ، بەڵام کاری دەسەڵات تەنها زەمینە سازکردنە بۆ برەودان بەبەهرەی پەسەند تابێتە ئەفراندنێکی پەسەندتر،من پێم وایە سەردەمی ئەوەهاتوە، کەهەرکەسێکی کورد بزانێ کەلەکام بواردا شارەزایەو، ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە لەبەرئەوەی ڕژێمی فاشی منداڵەکانمانی بەناوی هونەرەوە ئەبردە مۆڵگاکانی خۆی بۆدورخستنەوەیانلەهونەر، بۆیە دوستکردنی تیپی مۆسیقای منداڵان لەوسەردەمەدا لەلایەن چەندکەسێکەوە، کارێکی نەتەوەیی بوو، ئەوتاکانە (کەسانە) لەوسەردەمەدا نامەی خۆیان گەیاند، بەپێی سەردەم گونجاو بوو، بەڵام مەرج نییە ئەوکارە ئێستا بەوجۆرە بۆئەم سەردەمە لەبار بێت. بەڕای من تاکی کورد بەتایبەتی هونەرمەند ئەبێ هەردەم ئاستی بەهرەوتوانای خۆی لەبەرچاوبێت، سەردەم سەردەی هۆشمەندییە، هەمووهەڵەیەک یان بێتوانایی و نەزانییەک، کە ببێتە هۆێ لەباربردنی تواناو بەهرەی جگەرگۆشەکانمان ودوورخستنەوەیان لە ئەفراندن لێپرساوێتێەکی مێژووییە ، ئێستا سەردەمێکی نوێیە،پێوستی بەبیرو هۆشی نوێ هەیە. بۆیە پاش ئەوی کە زۆر لە هەواداران و فێرخوازانی هونەر بەتایبەتی فێرخوازانی ئامێری کەمان داخوازی دووبارە و سەرلەنوێ لەچاپدانی پەرتوکی فێربوونی کەمانچە بوون تا بە چاپی بگەیەنمەوە،بۆیە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر و، لەبەر چەندهۆی گرنگ بڕیارم لە دووبارە بە چاپ گەیاندنی دا .

ئەوهۆکارانەش بریتیین لە:

ئەوسەردەمەی کە ئەو پەرتوکەی تیابەچاپگەیەنرا سەردەمێکی ناهەموار بوو، بەتایبەتی لە ڕووی نەبوونی پەرتووکی فێربوون یان کەرەسەی نوسینی نۆتە،بۆیە زۆربەی زۆری نۆتەکانی ئەو پەرتووکە بەدەست وخەتی خۆم نوسراون، هەرچەندە ئێستا وەکوولەمەوبەر باسمکرد، بەهۆی بەتایبەتی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە باشترین پەرتوکی ڕاهێنانی ئامێری کەمان لە بەردەستایە، یان زۆر بەئاسانی لە پەرتوکخانەکاندا بەچنگ دەکەوون،بەڵام ئەمانە هێشتا مەبەستی نەتەوەیی کوردی ناپێکی، لەبەرئەوەی ئێمەی کورد تایبەتمەندییەکی خۆمان لەزمانی سازو ئاوازدا هەیەو، کەم لە میللەتانی دەوروپشت دەرکیان پێ کردوە،یان خۆیان لێ گێلکردوە، بەتایبەتی نوسینی نۆتەی مۆسیقا بەشێوەزانستیەکەی.....؛ نەک بەوشێوە هەڕەمەکییەی کە لەڕۆژهەڵاتدا تائێستاش باوە، تەنانەت هونەرمەندەکانی خۆشمان بەوجۆرە بەکاری ئەبەن، بۆیە من لەسەر ئەوڕێگا زانستیە نوێیانەی کە لەپەرتوکی (پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی) بەشێوەیەکی زانستی تیۆری وبەوردی ڕونم کردونەتەوەو باسم لێکردوون، بەچاکم زانی ئەوزانستیە تیۆرییە نوێیانە بخەمەدۆخی پراکتیکی وبەئامێر ژەنیین، تابەشێوەیەکی زانستی، وەکومیللەتانی پێشکەوتوی جیهان بتوانیین گوزارش لە هونەری ڕەسەنی خۆمان بکەیین.

سەڵاح ڕەوف

2011



## کەمانچە

کەمانچە De viool, violin (Franc), Geige of Violine (Dutish),
کەمانچە violin (English), violino (Itali) کەمانچە ئامێرێکی گرنگی مۆسیقا ژەنینی ناو ئۆرکسترای مۆسیقایی گەورەیە، یان بڵێین سیمفۆنی ئۆرکێست.

مۆسیقا زانی بەناوبانگی جیهانی (باخ) جوانترین مۆسیقای بۆ ئەم ئامێرە ناسکە نوسیوە، لە سەدەی هەژدەهەمدا (ئەنتۆنیۆ سترادیڤاردی) بەشێوەیەکی جوانترئامێریکەمانی درووست کردەوە،ئەفراندنی درووستکردنی شێوازی یەکەم کەمانچە تائێستاش ئاشکرانییە، لەوە ئەچێ هەرکەسێکی ئیتالی بێت،ئەڵێن (500) ساڵ لەمەوبەرو لەسەدەکانی ناوەڕستدا ئامێرە مۆسیقاییە ژێدارەکان هەبوون،کەبەپەنجە ئاوازیان پێئەژەنرا وەکو ئامێری گیتارو هاو چەشنەکانی، هەروها هەندێ ئامێر کە بە کەوان پێیان ئەژەنرا



لەو وێنەیەدا چەند جۆرێک لەوکەوانانەی کە کەمانچەیان پێ ژەنراوە ئەبینرێن، ئەوکەسانەی کە خولیای دروستکردنی ئامێری کەمانچەیان هەبوو، تەنها جوانی ڕوی ئەوئامێرەیان لامەبەست نەبو بەئاستی جوانی دەنگەکەی بۆیە هەردەم هەوڵیان ئەدا ئامێرێکی خاوەن جوانی و دەنگێکی خۆش بەرهەم بهێنن.

فارس ڤیالۆن، کورد و تورک کەمانچەی پێئەڵێن ، کەمان بەفارسی مانای کەوان ئەگەیەنێ،

ئەڵێن یەکەم کەمانچەی تەواو ساڵی 1550 لەسەنتەری Brescia شاری کریمۆنا (Cremona)کارگەی کەماندروستکردنی ئیتالی دروستکرا، لەو شارە بەناوبانگترین کەمان دروستکەر ئەژیا کە ناوی ئەندریا ئەماتی بوو (Andrea Amati) 1535– 1610 ، ئەماتی خاوەنی بەهرەو سەلیقەیەکی بێ پایان بوو لەپەیداکردنی دەنگی بەسۆزی کەمانچەدا،هەر ئەو گرفتی ناخۆشی دەنگی کەمانچەی لەناوبرد، ئەو شێوازو فۆرمەی کەمانچەی ئێستائەیبینین لەسەردەمی (Antonio Stradivari) دەستی پێکرد.

بۆ درووستکردنی کەمانچەی کەرسەی زۆر پێویستە، لەوانە داری جۆراو جۆر،بۆ سەرو ژێرو مل و لاو کلیل و ، ، ، ،هتد.

ژێ – کەمانچە خاونی 4 ژێیە ناوکانیان لە دەنگەزیلەکەوە بۆ دەنگە گڕەکەی بەم جۆرەیە:
می ، لا، ڕێ، سۆڵ (G, D, A,E).


پرد – چوار ژێکە بەسەر ئەو پردەدا تێپەرئەبن بەستنەوەی ژێکان لەهەردوسەرەکەیەوە ئەبێتە هۆی چەسپ بوونی پردەکە لە سەر ڕوی سەروی کەمانچەکە.

کلیلەکان – هەمووکەمانچەیەک چوار کلیلی بەستنەوەوقایمکردنی ژێکانی هەیە.

برغو – بۆ قایمکردنی ژێ کان و کۆککردنی دەنگەکان.

کونە فاییەکان ( $\mathscr{F}$ ) – دەنگ لەوکونانەوە دێنەدەرەوە،بۆیە ئەونازناوەیان هەیە لەبەرئەوەی شێوازەکەیان لە پیتی فای لاتینی ئەچێت.

وتمان ئامێری مۆسیقایی کەمانچە چوارژێی هاودرێژیی بەدەنگی جیاواز هەیە، ئەودەنگە جیاوازانە بەهۆی باریکی و ئەستوری ژێکانەوە پەیدا ئەبێ،تا ژێکە باریکتربێت، دەنگەکە یزیلتر ئەبێت، بە پێچەوانەشەوە، تا ژێکە ئەستورتربێت دەنگەکە گڕتر دەبێت، ئەوچوارژێیە،بەسەر پردەکە دا تێپەڕ ئەبن،پردەکەش خاوەنی دووپێیە کەلەسەر بەشی سەرەوەی کەمانچەکە بەهۆی قایمکردنی ژێکانەوە لە جێگاکەی ئەوەستێ، بەپیاهێنانی کەوانەکە بەسەرژێکاندا، ژێکان ئەکەونە لەرینەوە، پردەکەش ئەو



لەرینەوانە ئەیگەێنێتە بەشی سەروی کەمانچەکە، بەهۆی کۆڵەکەیەکی قایمکراو لەنێوان بەشی سەروو بەشی خوارودا،لەرینەوەکەئەگاتە بەشی خواروش،جا لەرینەوە کانیش لەو بۆشاییەگەورەیەی نێوان بەشی سەروو و بەشی خواروداگەورەدەبێت، هەست بەبیستنی ئەکرێت، باش و لەبار دانانی ئەوکۆڵەکەی نێوەند بەشی سەرو و بەشی خواروو، کاریگەرێتیەکی گەورەی لەسەر جوانی دەنگەکە هەیە، لەڕێی دانانی پەنجە لەسەر ژێکان، کەمانای کورتکرد نەوەی درێژی ژێکە ئەگەیەنێ، بۆیە دەنگەکە زیلتر ئەبێت، ئەمکردارە لەسەرهەرکامێک لە ژێکان بکرێت،ئەو کردارە ڕوئەدات، چەندی کورتکردنەوەی درێژی ژێکە، ئەبێتەهۆی ئەمەندە زیل کردنی دەنگەکە.



لەکەمان ژەنیندا دەستی ڕاست بۆ بەکارهێنانی کەوانە، دەستی چەپ بۆ هەڵگرتنی کەمانچە کەیە، بۆکورتکردنەوەی درێژی ژێکان، پەنجەکانی دەستی چەپ هۆکارن، پەنجەگەورە بۆ کورتکردنەوەی درێژی ژێکان بەکارناهێنرێ، چوار پەنجەکەی تر ئەوکاریگەرێتیەیان هەیە،پەنجەی ئاماژە، کەلە تەنیشتی پەنجەگەورەوەیە بەپەنجەی یەکەم هەژمار ئەکرێ، دوای ئەو پەنجەی ناوەراست ئەبێتە پەنجەی دووهەم هەروەها سێهەم وچوارەم.



**دەنگەسروشتیەکانی ئامێری کەمانچە (دەنگەکان بێ هێماکانی گۆڕین)، بەمجۆرەن:**

**ژێی سۆڵ(بێپەنجە)– لا1– سی 2– دۆ3 – ڕێ4**

**ژێی ڕێ (بێپەنجە) – می1 – فا2 – سۆڵ3 – لا4**

**ژێی لا (لابێپەنجە) – سی1– دۆ2– ڕێ3 – می4**

**ژێی می(بێپەنجە) – فا1 – سۆڵ2 – لا3 – سی4**




- D- string: e = 1, f = 2, g = 3, a = 4
- A- string: b = 1, c = 2, d = 3, e = 4
- G- string: a = 1, b = 2, c = 3, d = 4
- E- string: f = 1, g = 2, a = 3, b = 4

**لەساتی بەکارهێنانی هێماکانی گۆڕین(بڵندکەرەو نەویکەر)، بەپێیئەو بەکارهێنانە جێگۆڕکێ بەشوێنی پەنجەکان ئەکرێت، (لەکاتی پێوستداباسیان لێ ئەکەیین).**

**شوێن**(Position):

**وشوێن گۆڕکێی پەنجەو شوێنی پەنجەکان، لەکەمانچەژەنیندا زۆرباوە، دانانی پەنجەکان وەکو ساتیەکەم (لەو وینەی تەنیشتا ئەیبینین) بە شوێنییەکەم ناو ئەبرێت، بەڵام گەر پەنجەی یەکەممان خستە شوێنی پەنجەی دووهەم، ئەوا بەشوێنی دووهەم ناو ئەبرێت،هەروەها گەر لەشوێن دەنگی سێهەم پەنجەی یەکەممان دانا ئەوا بە شوێنی سێهەم ناوئەبرێت بەوجۆرە، ، ،هتد**

**بەواتای ئەوەی گرنگ لە ژەنینی دەنگەکەیە بە شێوازێکی تەواو و کۆک، جا بەپێی پێویست دانانی کام پەنجەیەگرنگ بوو، ئەبێ فێرخواز خۆێ ڕابهێنی بۆبەکار هێنانی،و دانانی پەنجەکە لەشوێنی مەبەستدا، ئەوەی شایانی باسە ئەبێ فێرخواز ڕەچاوی ئەوەبکات، تا درێژی ژێکە کەم بووەوە میانەی نێوان دەنگەکانیش کەمو تەسک دەبنەوە**

**نیوشوێن** Half Position **: پەنجەی یەکەم لە سەر میانەی تەواو دانانرێ بەتەنها لە سەرنیومیانەکانی تەنیشت سەرەتا دائەنرێ،بۆ ژەنینی هەندێ پەیژەی مۆسیقایی پێویست، لەساتی گونجاو باسی دەکەیین.**

**کشاندن** (Extend)**: بۆ کشاندنی پەنجەی چوارەم بەکاردێت ساتێ کە پەنجەکانی تر لە شوێنی خۆیانن و پەنجەیچوارم جگە لە پلە دەنگیەکەی خۆی ئەکشێتە شوێنی پلەدەنگییەکی تری بڵندتر.**

## هەندێ زانیاری لەسەر جۆری ژەنینی کەمانچە

### جۆریهێزیژەنیین :

تاڵەکانیکەوان تاڵەموی کلکی ئەسپە،یان لەو شێوەیە درووستکراوە، کەوان لە هەردووسەرەوە قایم کراوە لە بنەوە لەناو بۆکسێکی داخراوداقایمکراوەکە بەهۆی برغو یەکەوە توندوشل بکرێتەوە،تا بەویستی ژەنیاربێت. هێزی توندی ژەنین لە بنی کەوانەوە دەستپێ ئەکا، هەندێ جۆری ژەنین هەیە تەنها بەبەشی بنەوەی کەوانەکە ئەژەنرێ، جۆرەکانی:

*Detache* (دێتاشێ) : بەواتای بەکارهینانی بەشی زۆری کەوانەکە بۆ تەنها دەنگێک، بریتییەلە هێڵێک(–) لە ژێر یان لەسەر نۆتەکە ئەنوسرێ.

*Legato* (لێگاتۆ) : بەواتای ژەنینی چەند نۆتەیەک (دەنگێک)، بەیەک کەوانە.

*Staccato* (ستاکاتۆ) : بریتیە لە ژەنینی دەنگێک بەبێ هەڵبڕینی کەوانە،نیوەی دەنگەکە بەهەمان کاتەکەی خۆی هێماکەی بریتیە لە خاڵێک ئەخرێتە سەر یان ژێر نۆتەکە.

*Spiccato* (سپیکاتۆ) : بریتیە لە ژەنینی دەنگێک بە هەڵبڕینی کەوانە،نیوەی دەنگەکە بەهەمان کاتەکەی خۆی.

*Martellato* (مارتێلاتۆ) : بڕین و بەهێزژەنینی دەنگەکان.

*Portato* (پۆرتاتۆ) : ژەنین بە(لێگاتۆ) هەمووکەوانەکە بە بەرزکردنەوەی مەچەک و قۆڵ تا دەنگی دروست ئەبێت.

*Saltato, or , Sautille* ( ساڵتاتۆ یان ساوتیلە) : وەکو ستاکاتۆ وایە بەڵام بەهێزی پەنجەی یەکەمی سەر کەوانەکە نییە، تەنها بەهێزی کەوانەکە خۆی دروست ئەبێ.

*Ricochet* (ڕیکۆشێت) : وەکو ژەنینی پۆرتاتۆ بەڵام بە بازبازێنی کەوانەکە لەسەر ژێکان.

کۆرد ژەنیین : بەکەمانچە زیاتر لە دوو ژێ بەیەکەوەناژەنرێ، کۆردەکانی 3 یان 4 دەنگی بەهۆی ڕاکێشان و خشاندنی کەوانەکە لە خوارەوەی تاسەرەوەی، لەسەرەتادا 2دەنگی یەکەم و پاشان دوودەنگەکەی تر ئەبیستیین، بەڵام لەکاتێکدا کە کەوانەکە لەناوەڕاستا و بەهێزێکی زیاترەوە بژەنرێ دەنگەکانی سەر 3 ژێ بەیەکەوە ببیسترێ،لە ئۆرکستراداڵەوجۆرە کۆردانە بەشئەکرێ لەنێوان دووکەمانژەنی هاوسێ، یەکەمیان دوودەنگی سەروو (زیل) دووەم دوودەنگی خواروو (گڕ).

**جوانکاری‌دەنگ** : بۆ جۆراو جۆرکردنی وخۆشی دەنگ پەیداکردن، چەند ڕێگەیەک هەیە، لەوانە بەکارهێنانی :

*Sourdine (demper)* دمکەر : بەکارهێنانی (دمکەر)، جۆرێکە لە گۆڕینی دەنگ، بەدانانی دمکەر لەسەر پردەکە ئەبێتە هۆی کەمکردنەوی ئاستی فراوانی لەرینەوەکان، بۆیە دەنگەکە بەکزتر دێتە گوێ، ئێستا جۆرێکی لاستیک لە دمکەر دروستکراوە کە ئەتوانرێ لە سەر کەمانچەکە بمێنێتەوە و ئامادەبێت بۆ کاتی بەکارهێنان.

*Sul tasto* : ژەنینی دەنگەکان بەکەوانە لە لەسەر شوێن پەنچەکە (FingerBoard) .

*Sul ponticello* : بەپێچەوانەی (*Sul tasto*)، بەواتای ژەنین لە تەنیشت پردەکەوە.

*Vibrato* : بەهۆی جولاندنەوەی مەچەکی یان قۆڵی دەستی چەپ، کە ئەبێتە هۆی جولاندنی پەنجەکان و پەیداکردنی جۆرە دەنگدانەوەیەک لەدەنگەژەنراوەکە.

*Pizzicato* : ژەنینی دەنگەکان بە پەنجەی دەستی ڕاست لەبری ژەنین بەکەوانە لەوکاتەدائاوازدانەر لەو شوێنەی کەپێوستە بەوجۆرە بژەنرێ وشەی *Pizz* ئەنوسێ، بۆگەڕانەوە و ژەنین بە کەوانە وشەی 'arco'. دێت.

*Glissando* : خشاندنی پەنجەی دەستی چەپ بەسەرژێکاندا لەکاتی ژەنین بەکەوانە، تا ژەنینی کەوانەکە تەواو ئەبێ.

*Portamento* : خشاندنی پەنجەی دەستی چەپ بەسەرژێکاندا لەکاتی ژەنین بەکەوانە و ئاوازدانەر شوێنی کۆتاییەکە دەستنیشان ئەکا.




*Flageolettonen* : فلاجولێت، دانانی پەنجەی دەستی چەپ بەجۆرێ کە بەهێواشی بەر ژێ کان بکەوێ، لەوساتەدا دەنگەکان وەکودەنگی ئامێری فلوتیان لێدێت، ژمارەی 0 بەکار ئەهێنرێ وەکوهێمایەک بۆ فلاجولێت ژەنین. ئەمیش دووجۆری هەیە:

1- *Naturally flageolettone* : دەنگەفلوتیە سرووشتیەکان یان فلاجولێتە سروشتیەکان، بەدانانی پەنجەی دەستی چەپ بەهێواشی لەسەر پلە دەنگیەکی ژێ کان، ئەبێتە هۆی ژەنیینی هەمان پلەدەنگی ئۆکتاڤێک بڵندتر، بۆ نموونە کە مرۆڤ کەوانەکەی لەسەر ژێکە بەهێواشی داناو پەنجەی یەکەمیشی لەناوەراستی ½ ژێکەدا دانا، ئەوا بەئاسانی گوێمان لە ئۆکتاڤی دووەمی دەنگی ژێکە ئەبێت، هەروەها گەر پەنجە بە سوکی لەسەر3/1 یان 3/2 ی ژێکە دانا ئەوا گوێمان لە سێهەم پلەدەنگی سروشتی ژێکە ئەبێت، هەروەها گەر پەنجەمان بەسوکی لە سەر ¼ یان 4/2 ی ژێکە دانا ئەوا پلە دەنگی چوارەمی ژێکە ئەبیستین .

2- *Quarter flageolettone or Artificial flageolettone* :

فلاجولێتی هونەری یان فلاجولێتە چوارینەییەکان، ئەمجۆرەی فلاجولێت بەدانانی پەنجەی یەکەم بەهێز لەسەر پلەدەنگیەک و دانانی پەنجەی چوارەم بەهێواشی لەسەر هەمان ژێ بەمیانەیەکی چواری تەواو هەمان دەنگی پەنجەی یەکەم بە ئۆکتاڤێک باڵاتر دێتە گوێ.

*Scordatura* : کۆک گۆڕیین، ئامێری کەمانجە خاوەنی چوارژێ یە بە کۆکەکانی G–D–A –E. هەرکاتێ کۆکی ژێکان گۆڕان بۆنمونە بەمجۆرە G–D–A–Es ئەوا پێی ئەڵێن کۆک گۆڕیین لەسەردەمی باروکدا لەلایەن مۆسیقازان ( 1603–1680 Marco Uccellini) وە ئەم گۆڕانکارییە ڕویداوە، ناسراوترین بەکارهێنەری ئەم گۆڕینە لە سۆلۆی کەمانچەکەی Danse Macabre ی Camille Saint–Saens کە کەمانچەکەی بەکۆکی G–D–A–Es ئەژەنرا، هەروەها کاتێ کە Richard Strauss ژێیG بە Ges کۆک کرد.

*Collegno* : ژەنیین بەداری کەوانەکە نەک بە تاوەکانی، هەندێ جار بە پیاکێشان و هەندێ جار بە ژەنین.


تێبینی : هەندێ هێما یان ئاماژەی گرنگ بۆژەنیین هەیە لەکاتی پێویستدا باسی لێ ئەکەیین . پێش ئەوەی دەست بدەیینە ئامێری کەمان گرنگە بزانیین کە مۆسیقا زمانی هونەرو زانستە خوێندن و نوسین چۆن فێر ئەبین بەوجۆرەش فێری ئەوزمانە ئەبیین، ئەوزانستەش لەچەند بەشێکی گرنگ پێک هاتووە، ئەو بەشەگرنگانەش بریتین لە:

1– دەنگ، بەهۆی لەرینەوەی تەنێکەوە ڕوئەدات، هەروەک چۆن پەردەکانی قورگی ئادەمیزاد بەلەینەوەکانیان دەنگ دروست ئەکەن، هەرواش بەهۆی ئامێرێکی مۆسیقاییەوە دەنگ دروووست ئەبێت، دەنگەکانی مۆسیقا بریتییەلە میانەو ناو، ناوی دەنگەکانی مۆسیقا وەکو هەمووشتەکانی تری مۆسیقا حەوت دەنگن کە ناوەکانیان بەم جۆرەیە (دۆ C، ڕێ D , می E ، فا F ، سۆڵ G، لا A، سی B)، بەدوپاتکردنەوەی پلەدەنگی یەکەم میانەکانی ئۆکتاڤێکی تەواو دروووست

ئەبێ،هەرچەندە بەداخەوە تائێستاش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر زیاتر لەوناوانە هەیە کە بونەتە هۆی سەرلێشێواندنی تەنانەت خودی مۆسیقا ژەنەکانیش، هیوادارم ئێمەی کورد زیاتر ڕێگا زانستیەکە بگرین.

2– میانە دەنگیەکان، چەند جۆرێک میانەی دەنگی هەیە،کەمیانە سادەکانیان پێئەڵێن، بریتیین لە:

ا–میانەی تەواو، یان تۆنی تەواو، کە لە چوارچارەکە دەنگپێکدێت،وەکومیانەکانی نێوان پلەدەنگیەکانی یەکەم و دووەم (دۆ– ڕێ)، دووەم و سێیەم (ڕێ – می)، پێنجەم و شەشەم (سۆڵ – لا)، شەشەم و حەوتەم (لا – سی) لەپەیژەی یەکەمی گەورە (عەجەم).




ب– نیومیانە، نیو تۆن، لە دووچارەکەدەنگی پێکدێت، وەکومیانەکانی نێوان پلە دەنگیەکانی، سێهەم وچوارەم (می – فا)، حەوتەم و هەشتەم (سی – دۆ)، لەپەیژەی یەکەمی گەورە (عەجەم).

ج– چارەکە دەنگی،یان چارەکە تۆن، ئەوەی شایانی باسە پلەدەنگییەک نیەکەلە یەک چارەکەدەنگی پێک بێت، لەمۆسیقای ڕۆژهەڵاتیداو بەتایبەتی لە پەیژەی(ڕاست) و پەیژەدروستکراوەکانی سەر پلە دەنگیەکانی تری، میانەکانی نێوان پلەدەنگیەکانی دوهەم و سێهەم چارەکە پلەیەک کەم ئەکات، (پلەدەنگی سێهەم چارەکە دەنگیەکە کەم ئەکات) و ئەبێت بە میانەی سێچارەکە دەنگی ( ڕێ – می کاربیمۆڵ) لەبەر ئەوە میانەی نێوان سێهەم و چوارەم چارەکە پلەیەک زیاد ئەکات و ئەبێت بە (می کار بیمۆڵ – فا)، هەروەها میانەی نێوان پلەدەنگی شەشەم و حەوتەم بەهۆی کەمکردنی چارەکەپلەیەکی دەنگی حەوتەم ئەبێتە میانەی سێچارەکە دەنگی(لا – سی کار بیمۆڵ)، هەروەها میانەی نێوان پلەدەنگی حەوتەم و هەشتەم ئەبێتە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگی (سی کار بیمۆڵ – دۆ). لەو وێنەیەدا بەشێوەی بازنەی بچوک دەستنیشانی پلەی سێچارەکە دەنگیمان کردووە.

3–شێوەیڕێنوس، هەروەک لەپێویستیەکانی زمان، شێوازی نوسینی ئەلف و بێکەیەتی، هەروەهاش بۆ ژەنین و خوێندنەوەی زمانی سازو ئاواز شێوەی نوسینی هەیە کە کەمتر نییە لە هێماکانی زمان، لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەم هێمایانەوە ماوەی (کات) ژەنین و بەخستنەسەر پلیکانەی مۆسیقا ئەوا بڵندی پلەدەنگیەکە ئاشکرا ئەبێت، ئەمەش جۆرەکانیەتی :

ا – رۆند ماوەکەی (کاتەکەی)، لە چوار بژاردن پێک دێت، بەواتای ( 1، 2 ، 3، 4 )، هەڵبەتە هێمایەکیش هەیە بۆ جۆری ڕەوتی ئەمبژاردنانەش، لەساتی خۆیدا باسیان لێ ئەکەیین.

ب– بلانش ماوەکەی لە دوو بژاردن پێک دێت. (1، 2) .  کلکەکەی بەپێی پێوست، گەر لەسەروی هێلی سێهەمی پلیکانەی مۆسیقاوە بوو ئەوا بۆ خوارەوە ئەبێت، گەر لە خوار هێڵی سیهەمەوەبوو ئەوا بۆسەرەوە ئەبێت، گەر لە سەر هێڵی سێهەمیش بوو ئەوە بەپێی جوانی بۆخوارەوە یان بۆسەرەوە دا ئەنرێ .

ج– نوار ماوەکەی لە یەک بژاردن پێک دێت. (1) ،  کلکەکەی بەپێی پێوست، گەر لەسەروی هێلی سێهەمی پلیکانەی مۆسیقاوە بوو ئەوا بۆ خوارەوە ئەبێت، گەر لە خوار هێڵی سیهەمەوەبوو ئەوا بۆسەرەوە ئەبێت، گەر لە سەر هێڵی سێهەمیش بوو ئەوە بەپێی جوانی بۆخوارەوە یان بۆسەرەوە دا ئەنرێ .

د– کرۆش یان یەککلک ماوەکەی لەنیوبژاردن پێک دێت. (2/1)،  کلکەکەی بەپێی پێوست، گەر لەسەروی هێلی سێهەمی پلیکانەی مۆسیقاوە بوو ئەوا بۆ خوارەوە ئەبێت، گەر لە خوار هێڵی سیهەمەوەبوو ئەوا بۆسەرەوە ئەبێت، گەر لە سەر هێڵی سێهەمیش بوو ئەوە بەپێی جوانی بۆخوارەوە یان بۆسەرەوە دا ئەنرێ .

هـ– دەبلکرۆش، دووکلک ماوەکەی لەچارەکەوبژاردن پێک دێت. (4/1)،  کلکەکەی بەپێی پێوست، گەر لەسەروی هێلی سێهەمی پلیکانەی مۆسیقاوە بوو ئەوا بۆ خوارەوە ئەبێت، گەر لە خوار هێڵی سیهەمەوەبوو ئەوا بۆسەرەوە ئەبێت، گەر لە سەر هێڵی سێهەمیش بوو ئەوە بەپێی جوانی بۆخوارەوە یان بۆسەرەوە دا ئەنرێ .

و– ترەبل کرۆش سێ کلک ماوەکەی لەهەشتیەکیبژاردنێک پێک دێت. (8/1)،  کلکەکەی بەپێی پێوست، گەر لەسەروی هێلی سێهەمی پلیکانەی مۆسیقاوە بوو ئەوا بۆ خوارەوە ئەبێت، گەر لە خوار هێڵی سیهەمەوەبوو ئەوا بۆسەرەوە ئەبێت، گەر لە سەر هێڵی سێهەمیش بوو ئەوە بەپێی جوانی بۆخوارەوە یان بۆسەرەوە دا ئەنرێ .

ز–کوارتربلکرۆشچوارکلک ماوەکەیلەهەشتیەکیبژاردنێکپێکدێت.(16/1)،  کلکەکەی بەپێی پێوست، گەر لەسەروی هێلی سێهەمی پلیکانەی مۆسیقاوە بوو ئەوا بۆ خوارەوە ئەبێت، گەر

له خوار هێڵی سێهەمەوەبوو ئەوا بۆسەرەوە ئەبێت، گەر له سەر هێڵی سێهەمیش بوو ئەوە بەپێی جوانی بۆخوارەوە یان بۆسەرەوە دا ئەنرێ .

**بە**دانانی خاڵێک لەبەردەم هەریەکێ له کاتەکانیی مۆسیقا، نیوەی کاتەکەی خۆی زیادەکا

بۆ نموونە: o·=o+d کاتی ڕۆندێکی خاڵدار ئەکاتە کاتی ڕۆندێک و بلانشێک. هەروەها بۆ هەمووکاتەکانی تریش، بگرە کاتە پشوەکانیش **بە** هیندی ژمارەی کاتە مۆسیقاییەکان، کاتی پشووش هەیە هەمان نازناوی کاتەکان وەرئەگرن بۆ نمونه : پشوی ڕۆند.......هتد،


ئەمەش جۆرەکانیەتی:


Rond

أ– پشووی رۆند، بەهەمان کاتی ڕۆند له ژەنیین ئەوەستین، واتای چوار بژاردن (1، 2، 3، 4) پشوو ئەدەیین.


Blansh

ب – پشووی بلانش ، بەهەمان کاتی بلانش له ژەنیین ئەوەستین، واتای دووبژاردن (1، 2،) پشوو ئەدەیین.


Nwar

ج – پشووی نوار ، بەهەمان کاتی بلانش له ژەنیین ئەوەستین، واتای یەکبژاردن (1) پشوو ئەدەیین.


Krosh

د– پشووی کرۆش ، بەهەمان کاتی کرۆش له ژەنیین ئەوەستین، واتای نیوبژاردن (2/1) پشوو ئەدەیین.


Dubelkrosh

هـ – پشووی دۆبلکرۆش ، بەهەمان کاتی دۆبل کرۆش له ژەنیین ئەوەستین، واتای چارەکێبژاردن (4/1) پشوو ئەدەیین.


Trqblekrosh


و – پشووی تربلکرۆش ، بەهەمان کاتی تربل کرۆش له ژەنیین ئەوەستین، واتای (8/1) بژاردن پشوو ئەدەیین


Kwartrebelkrosh

ز– پشووی کوارتربلکرۆش ، بەهەمان کاتی کوارتربل کرۆش له ژەنیین ئەوەستین، واتای(16/1)بژاردن پشوو ئەدەیین.

4 – پلیکانەی مۆسیقا :

لە پێنج هێڵی ڕاستی ئاسۆیی و تەریبی و چواربۆشایی یەکسان،کە لە یەکیان جیائەکاتەوە پێکدێت. ئەم هێڵ و بۆشاییانە لەخوارەوە بۆ سەرەوە ئەبژێررێن،کەواتە هێڵی خوارەوە هێڵی یەکەمە، بۆشایی نێوان هێڵی یەکەم و دووەم بۆشایی یەکەمە.





هێماپێشینەکان:

پێکدێن لە سێ هێما لەسەرەتای پلیکانەی مۆسیقادا دائەنرێ.

ا– کلیلی سۆڵ


بۆ نوسین و خوێندنەوەی نۆتەکانی ئامێری کەمانچە کلیلی سۆڵ بەکار ئەهێنرێ،ئەو کلیلەش لە پەرەپێدانی پیتی(G) ئینگلیزییەوە پەیدا بووە،لەسەر هێڵی دووەم دائەنرێ، بۆیە ناوی ئەوپلەدەنگیە سۆڵ (G)ە، هەر لەڕوانگەی شوێنی ئەو دەنگەوە پلەدەنگیەکانی تریش ئاشکرا ئەبن، وەکووئاشکرایە نۆتەکان ئەخرێنە سەر هێڵەکان و ناو بۆشاییەکانیش، لەکاتی




بەکارهێنانی کلیلی سۆڵ ناوی پلەدەنگیەکانی تریش ئاشکرا ئەبن.


**نموونە :**

هەروەها....نۆتە لە سەرویهێڵیپێنجەم و خواری هێڵی یەکەم دا ئەنرێ. نموونە





**دووبارە........**

هێڵی زیادە هەیە، کە لەسەرو یان خواروی پلیکانەی مۆسیقاوە دائەنرێن، لەبەر ئەوەی هەندێ جار، پتر لە ئۆکتاڤێک لە پارچە ئاوازیکداهەن، پێیان ئەوترێ هێڵە زیادەکەنی پلیکانەی مۆسیقا بۆئەوەی شوێنی زۆرتریین پلەدەنگی ببێتەوە،نموونە :



ب– ڕابەریکێش :

گەر ئاوازەکە ڕیتمدار بوو (ڕیتم سەربەست نەبوو) ئەوا لەدوای کلیلی مۆسیقاو ڕابەری کێشەوە دوو ژمارە ئەنوسرێ، ژمارەکەی سەروو بریتییەلە چەندی...؛ لەجۆری ژمارەکەی خوارو، بەواتای ئەوەی ژمارەی خوارو هێمای کاتەکانی مۆسیقایە،بەم جۆرە:




کەواتە ئەگەر ژمارەی 1/2 نوسرا ئەو بەواتای دوو ڕۆند لە باڕێکدا، هەروەها گەر ژمارەی ¾ نوسرا، ئەوە بەمانای سێ نوار لەباڕێکدا دێت، هەربەوجۆرە تا هەموو جۆرە ڕیتمەکانمان دەست ئەکەوی.

ج– ڕابەری پەیژە :

هەموو پەیژەیەکی مۆسیقا لەپەیژەی ماژۆر یان ڕاست خاوەنی هێماکانی بڵندکەرەوە یان نزمکردنەوەن، بۆئەوەی ئەو هێمایانە بەتەواوی‌بناسیین.........ئەمە جۆرەکانیەتی :







## چۆنیەتی گرتنی کەمانچە :




کەمانچە
ئەخرێتە
سەرشانی
چەپ، لای
چەپی چەناگە
ئەخرێتە سەر
(شوێن
چەناگە)،
شانی چەپ
کەمێک بەرز
ئەکرێتەوە ،
ملی کەمانچەکە لەنێوان پەنجەگەورەو پەنجەی ئاماژەی دەستی
چەپدا ئەوەستێنرێ، بەمەرجێ بەتەواوەتی نەگاتە کۆتایی



پەنجەکە، بەمانای ئەوەی نابێ ملی کەمانچەکە لەنێوان




هەردو پەنجەکەدا دابنیشێ ، ئەشێ
بەسەری پەنجەی گەورەو ناوەڕاستی
(گرێی
سێهەمی)





پەنجەی ئاماژە هەڵبواسرێ.
ئانیشکی دەستی چەپ، ئەشێ
بەرەو پێشەوە تا ناوەڕاستی
کەمانچەکە بێت.
بەسەیرکردنی ئەم شێوازی
کەمانچە هەڵگرتنە، هەڵگرتنی
کەمانچە لای تۆش ئاسان
ئەبێت، هەرچەندە هەندێ هۆکار هەیە بۆ پەیڕەوکردنی مەرجە
زانستیەکانی هەڵگرتنی کەمانچە، بەڵام زانستی نوێ ڕێگە ئەدا بەباری
فسیۆلۆجی لەهەڵگرتنی ئامێری کەمانچە، ئەبێ ئەوەشمان
لەبیرنەچێ،کە باش هەڵگرتنی کەمانچە بەشێکی گەورەیە لە بەدی
هێنانی دەنگی جوان وپڕ زانستی.




# کەمان (Violin)

وتمان کەمان چوار ژێی هەیەلە ژێی باریکەوە ( می – E ، لا – A، ڕێ – D، سۆڵ –G)
بۆ یەکەم ڕاهێنانی فێربوونی ئامێری کەمان،کاتی ڕۆند بەکاربهێنین وەکولەم ڕاهێنانەی خوارەوە.

**ڕاهێنانی**


1




بۆ هەریەکێ لەوپلە دەنگیانە، ئەشێ بەکەوانەیەکی تەواو بژەنرێ، ئاگاداربە کەوانەکە بەدوری ئینج و نیوێک لەدوری وبەتەنیشتی پردەکەدا وبەقورسایی خۆی، بەسەرژێ کەدا هاتوچۆ بکات، وانەهەموو نۆتەیەکی ئەوخانانە کە هێمای ڕۆندە (𝅝)، ئەبێ چوار بژاردنی هەبێ،نیشانەی (⊓ ) مانای ڕاکێشانی کەوانە لە لای سەرەوە بۆ خوارەوە، بە پێچەوانەشەوە هێمای ( V ) مانای ژەنینی کەوان بەرەو سەرەوە. بەڵام هەمان ڕاهێنانی پێشوو ئێستا بە کاتی بلانش( 𝅗𝅥) ئەیژەنیین، ئاشکرایە کە هێمای بلانش، دوو بژاردنی هەیە، گرنگە ئەوەیە بزانیین کە هەموو بلانشێک بەیەک کەوانە بژەنیین وەکو ئەو هێمایانەی بۆی کراوە.

**ڕاهێنانی**


2




هەمان راهێنان بە کاتی نوار، هێمای نوار یەک بژاردنی هەیە.

**ڕاهێنانی**

**3**




# ڕاهێنانی گشتی


**4**



ئەم ڕاهێنانە بە ڕیتمی ¾ ە، بەواتای سێ بژاردنی (نوار)ی لە یەک باڕا، باڕ بەواتای خانە دێت،وەکو وتمان ژمارەیە ¾ بریتییە لە دوژمارەی لەسەر یەک نوسراو، ژمارەی سەرو بەواتای چەند، ژمارەی خوارو بەواتای جۆر، ژمارەی سەرو سێ یە،یانی سێ دانە، ژمارەی خوارو، ژمارە چوارە، بەواتای جۆری نوار، کەواتە هەر خانەیەک پێک دێت لە نۆتەیەکی سێ نواری یان کۆی سێ نوار، وەکو باسمانکرد، گەرهاتوو خاڵێکمان لە بەردەمی کاتێکی مۆسیقادا دانا، کەواتە ئەو کاتە نیوەی کاتەکەی خۆی زیاد ئەکا، لەم ڕاهێنانەشدا بلانشی خاڵداری زۆر تییایە، کە کاتەکەیان سێ نوار دەکات،گرنگی ئەم ڕاهێنانە لەچەند ڕویەکەوەیە، لەوانە : بەکارهێنان و ژەنینی ژێ کان بەتێکەڵاوی، هەروەها بەکارهێنانی هێمای سەروخوار بەتێکەڵاوی، دووبارە ئاشنابوون بە هێمای ئەکسنت (>) کە واتای هەهێز ژەنیین دێت، بۆیە ژەنیار ئەبێ بەئاگابێت لەکاتی ژەنیینی ئەو پلەدەنگیانەی کە ئەم هێمایانەیان لە ژێر یان سەروی نوسراوە، ئەبێ هەست بەوە بکرێت کە ئەو پلەدەنگیانە خاوەنی ئەو هێمایانەن.

## شوێنی پەنجەی کەمان




لەو کلێشەیەدا شوێنی پەنجە لەسەر بۆردەکە دەستنیشانکراوە، هەروەها شوێنی نۆتەکانیش، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا بە ئاشکرا شوێنی چارەکە دەنگەکان دەستنیشان نەکراون، بۆیە منیش دەنگە سێچارەکیەکان هەریەکەیان لەکات و ساتی خۆیدا باس ئەکەم بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی جەنجاڵی و سەرلێشێوان، هیوادارم ژەنیار، بەئاگاوە هەڵسو کەوت لەگەڵ ڕێنماییڕاهێنانەکان بکا، هەڵبەتە لەگەڵ هەموو ڕاهێنانێکی نوێدا هێمایەکی نوێی جوان ژەنیین ئەخەینە پێش چاو بەهیوای کەڵک وەرگرتن.

**تێبینی :**


هێمای (C)، هێمای ڕیتمی 4/4 چوار لەسەر چوارە.





## ژێی یەکەم

پەنجەی یەکەم (فا – Fa).

ئەمەڕاهێنانی هەردووکاتی ڕۆند (چوار بژاردن)، بلانش (دوو بژاردن).





ئەم ڕاهێنانە کاتی خاڵدار و نواریشی تیایە، لەگەڵ هێمای لێگاتۆ ( ⁀ )، واتای ژەنینی چەند دەنگێک بەیەک کەوانە.



**ژێی دووەم (لا – A).** ....بڕوانە وێنەکەی لاپەڕەی 19.


**پەنجەی یەکەم ( سی – B)، لەگەڵ ژێکراوەکەی (لا) میانەیەکی تەواوە.**

**7**




**ئەمەڕاهێنانی پەنجەی یەکەمی سەر ژێی دووەم (لا – A) هەردووکاتی ڕۆند (چوار بژاردن)، بلانش (دوو بژاردن)، ئەم ڕاهێنانە لای خوارو کاتی خاڵدار و نواریشی تیایە، لەگەڵ هێمای ستاکاتۆ ( . )، واتای ژەنینی کاتێک بەنیوەی کاتەکەی، ئەوی تری بکرێتە پشوو.**


**8**



**ژێی سێهەم (ڕێ – D).** ....بڕوانە وێنەکەی لاپەڕەی 19.


**پەنجەی یەکەم (می – E)، لەگەڵ ژێکراوەکەی (ڕێ) میانەیەکی تەواوە.**

**9**




**ئەمەڕاهێنانی پەنجەی یەکەمی سەر ژێی سێهەم (می – E) هەردووکاتی ڕۆند (چوار بژاردن)، بلانش (دوو بژاردن)، ئەم ڕاهێنانە لای خوارەوە کاتی خاڵدار و نواریشی تیایە، لەگەڵ هێمای ستاکاتۆ ( . )، واتای ژەنینی کاتێک بەنیوەی کاتەکەی، ئەوی تری بکرێتە پشوو، وەکو (تا تە –).**


**10**



## ژێی چوارەم (سۆڵ–G)....بڕوانە وێنەکەی لاپەڕەی 19.


**پەنجەی یەکەم (لا – A)، لەگەڵ ژێکراوەکەی (سۆڵ) میانەیەکی تەواوە.**

**(11)**




**ئەمەڕاهێنانی پەنجەی یەکەمی سەر ژێی چوارەم (سۆڵ– G) هەردووکاتی ڕۆند (چوار بژاردن)، بلانش (دوو بژاردن)، ئەم ڕاهێنانە لای خوارەوە کاتی خاڵدار و نواریشی تیایە، لەگەڵ هێمای ستاکاتۆ( . )، واتای ژەنینی کاتێک بەنیوەی کاتەکەی، ئەوی تری بکرێتە پشوو.**

**12**



## ڕاهێنانی گشتی پەنجەی یەکەمی هەرچوار ژێ

زۆربەی زۆری ڕاهێنانەکانی پێشووی پەنجەی یەکەمی هەرچوارژێکەیبەتەنها نۆتەی ڕاهێنانیان بۆنوسرابوو، لەم ڕاهێنانە سەرجەمیان پێکەوە نۆتەیان بۆنوسراوە تا ژەنیار ئامادە بکات بەشێوەیەکی گونجاو کەوانەکە بەسەرهەمووژێکاندا بهێنی تاپلە دەنگییەمەبەستەکان بژەنێ.

**13**




# پەنجەی دووەم





**ژێی یەکەم :**

**می – فا – سۆڵ**





**ژێی دووەم :**

**لا – سی – دۆ**





**ژێی سێهەم :**

**ڕێ – می – فا**





**ژێی چوارەم**

**سۆڵ – لا – سی:**




**ڕاهێنانی پەنجەی یەکەم و دووەمی ژێی یەکەم :**

14





**ڕاهێنانی پەنجەی یەکەم و دووەمی ژێی دووەم :**

15




## ڕاهێنانی پەنجەی یەکەم و دووەمی ژێی سێهەم :

16





## ڕاهێنانی پەنجەی یەکەم و دووەمی ژێی چوارەم :

17




## راهێنانی گشتی

18



## ڕاهێنانی گشتی

19





فیرماتا : (𝄐) هێمای بەرەو خاوبونەوەیە. هێمای (  ) مانای نیوو میانە.


## پەنجەی سێهەم




ژێی یەکەم :
می، فا، سۆڵ، لا





ژێی دووەم :
لا ، سی، دۆ، ڕێ




ژێی سێهەم :
ڕێ، می، فا، سۆڵ





ژێی چوارهەم :
سۆڵ، لا ، سی، دۆ





ڕاهێنانی
پەنجەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم لە سەر ژێی یەکەم
(می –E).

20





ڕاهێنانی پەنجەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم لەسەر ژێی دووەم (لا – A).

21




**ڕاهێنانی پەنجەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم لەسەر ژێی سێهەم (ڕێ – D).**

22





**ڕاهێنانی پەنجەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم لەسەر ژێی چوارەم (سۆڵ – G).**

23




## ڕاهێنانی گشتی

24




## پەنجەی چوارەم

**ژێی یەکەم :**


**می، فا، سۆڵ، لا، سی**







**ژێی دووەم :**

**لا، سی، دۆ، ڕێ، می**





**ژێی سێیەم :**

**ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا**





**ژێی چوارەم :**

**سۆڵ، لا، سی، دۆ، ڕێ**





**ڕاهێنانی پەنجەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەملەسەر ژێی یەکەم (می –E).**




ڕاهێنانی پەنجەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەملەسەر ژێی دووەم (لا – A).

26





ڕاهێنانی پەنجەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم
لە سەر ژێی سێهەم (ڕێ – D).

27




ڕاهێنانی پەنجەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم
لە سەر ژێی سێهەم (ڕێ – D).

28



## ڕاهێنانی گشتی

**تێبینی:**

**لەم ڕاهێنانەدا ، ژەنینی دودەنگی؛ تیایە ، بەواتای ژەنینی دوودەنگ بەیەک کەوانە لەیەک ساتدا .**


29



## ڕاهێنانی (30) دووده‌نگی (جووتژه‌ن)



## ڕاهێنانی (31)



## ڕاهێنانی (32)



## ڕاهێنانی (33)



## ڕاهێنانی (34)



## ڕاهێنانی (35)

Andantino

**RÊNYI**




## ڕاهێنانی (36)

**RÊNYI**



## ڕاهێنانی (37)

**RÊNYI**



## پەیژەکانی مۆسیقا

لەساڵی 1978 کە دەستم کرد بە ئامادەکردنی پەرتووکی فێربوونی کەمانچە، دیاربوو بەوجۆرەی کە بەچاپمان گەیاند، بۆ ئەوساتە جێی خۆی گرت، لەبەرئەوەی منیش هەر بەئاستی ئەوساتە لە پەیژەمۆسیقاکان شارەزابووم،بەڵام پاش تێگەیشتنم لەوڕاستیەی کە ئێمە میللەتێکی ڕۆژهەڵاتیین، لەڕۆژهەڵاتیش جگە لەپەیژەی ماجۆر پەیژەیەکی تری گەورەهەیە، کەپەیژەی (ڕاست)ە،بناغەیەکی گەورەی کەلتوری مۆسیقای میللەتەکەمانە،بۆیە فەرامۆش نەکردنیم بەئەرکێکی نەتەوەیی زانی، بەتایبەتی پاش لێکۆڵینەوەکەم لەسەر پەیژەمۆسیقاییەکانی کوردی، بەگرنگم زانی کە لەپەیژەی مۆسیقا بەمجۆرە بدوێم :

## پەیژەکانی مۆسیقای کوردی پێک دێن لە دوو پەیژەی سەرەکی گەورەی مۆسیقا

1- پەیژەی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگیی (عەجەم): لەگەڵ پەیژە نەوەکانی (ئەو پەیژانەی کە لەسەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی بنیات ئەنرێت.

2- پەیژەی گەورەی خاوەن سێ چارەکە دەنگیی (ڕاست): لەگەڵ پەیژە نەوەکانی (ئەو پەیژانەی لەسەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی بنیات ئەنرێت.

### 1- پەیژەی یەکەم (1) پەیژەی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگیی (عەجەم):

تەواوی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەیە کە لە وڵاتانی هەموو دونیادا بەگشتی و، لای نەتەوەکانی ئەوروپاش بەتایبەتی بە ناوی پەیژەی گەورە (ماجۆر) بەکار دێن. لای زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی دەڵێن پەیژەی گەورە. هەندێکیش پێی دەڵێن (عەجەم، ئەو کەس و میللەتانە ئەگرێتەوە کە بە ڕەگەز عەرەب نین). هەر میانە دەنگی پەیژەی گەورەی ڕۆژئاواییە بە هەمان جۆرەکانی.


**لەسەر پلەی بنکە:**

ئەم پەیژە مۆسیقاییە هەر ئەو پەیژە مۆسیقاییەیە کە ئێستا لای گەلانی دنیا بەگشتی و، لای گەلانی ئەوروپا پەیژەی گەورە (Major Scale)ی پێ دەڵێن. لای وڵاتانی عەرەبی نازناوی (عەجەم)، کە وشەی بێگانە یان ئەو گەلانەی عەرەب نین ئەگرێتەوە. بۆیە من بە چاکی ئەزانم کە وشەی پەیژەی گەورە پڕ بە پێستی ئەم پەیژە مۆسیقاییەیە و، با ئێمەش وشەی بێگانەی نەخەینە پاڵ چونکە ئەو پەیژە مۆسیقاییە بە میللەتی کورد نامۆ نییە. ئەو ناوانەی تریش کە لەسەر هەمان پەیژەی مۆسیقا ڕوودەدات وەک (عەجەم حیجاز، دڵدار، عەجەم کورد، نەورۆز)، کە بە هۆی گۆڕانکارییەکی لاوەکییەوە ڕوودەدات و کە تەنها بریتییە لە جوانکاری لە ژەنینی ئەم پەیژە مۆسیقایەدا، باشترە ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لاوەکیانە بەلاوە بەرین و تەنها وشەی (پەیژەی گەورە-

یان پەیژەی گەورەی بێ چارەکە دەنگی) بۆ بەکار بهێنین. پێم وایە ئەم شەنکردن و پاکژکردنە مایەی کەم بوونەوەی جەنجاڵییە لە مۆسیقا و ئاوازەکانماندا.

1- پەیژەی گەورە، ماژۆر (عەجەم): عەرەب پێی دەڵێت (عەجەم عەجەم) یان (عەجەم کەبیر) عەجەمی گەورە، هەمان پەیژەی (دۆ)ی گەورەیە بێدەستکاری پلە دەنگییەکانی.


نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




2- پەیژەی گەورەی (عەجەم حیجاز) یان شوق ئەفزا.

بە تەواوی و بێگۆڕانکاری پەیژەی گەورەی هارمۆنییە، کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت.


نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




3- پەیژەی گەورەی (عەجەم نەهاوەند) پەیژەی (دڵدار)یشی پێ دەڵێن.


ئەم پەیژە مۆسیقایە، تەنها جیاوازی لەگەڵ پەیژەی گەورەی سرووشتیدا ئەوەیە، کە پلەی حەوتەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت. (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی مۆسیقا، لای ئەورووپییەکانیش فەرامۆش کراوە). پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە، تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




4– پەیژەی گەورەی (عەجەم کورد) مێجۆر میلۆدی.
بە تەواوی پەیژەی گەورەی میلۆدییە، کە هەردوو پلەی شەشەم و حەوتەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێن.

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




5– پەیژەی گەورەی (عەجەم حیجاز)، پەیژەی (نەورۆز)یشی پێ دەڵێن.
ئەم پەیژە مۆسیقایە، تەنها جیاوازی لەگەڵ پەیژەی گەورەی سرووشتیدا ئەوەیە،کە پلەی پێنجەمی نیو پلەی دەنگیی بەرز دەکرێت. (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی گەورەی مۆسیقا و لای ئەوروپیەکانیش فەرامۆش کراوە). پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە. تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.
نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




## 2– پەیژەی دووەم : پەیژەی گەورەی (2)سێ چارەکە دەنگ (ڕاست) :

لەمەوبەر باسی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەی کە تەنها خاوەنی پلە دەنگی میانەی تەواو و نیو میانەن کردووە. بەڵام وەکوو وتمان لای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جگە لەو میانە دەنگییانەی کە میانەی تەواون یان نیو میانەن، میانە دەنگییەکی تریش هەیە، کە پێک دێت لە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی، بۆیە ئەبێ لەمەودوا باس لەو پەیژە مۆسیقایانە بکەین. ئاشکراشە کە باوکی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەی کە خاوەنی پلە دەنگییەکانی سێ چارەکە دەنگین، لە دێر زەمانەوە واژە (وشەی) ڕاستیان بۆ بەکارهاتووە. جا لەبەر ئەوەی واژەی ڕاست واژەیەکی ئارییاییە و دیسان لە ناو نەتەوەی کورددا مانای تەواوی خۆی هەیە، گەر هەر هەمان ناوی هەبێت بە لای مۆسیقازانی کوردەوە هیچ نامۆییەکی نابێت.


**میانەکانی پەیژەی دووەمی گەورەی سێ چارەکە دەنگی:**

**ئەم پەیژە مۆسیقاییە هەر وەکوو پەیژەی گەورە (عەجەم) وایە تەنها پلە دەنگییەکانی سێهەم و حەوتەمی پلەی سێ چارەکە دەنگین. بۆیە هەر لە سەرەتای ڕابەری پەیژەدا هەردوو هێمای سی کاربیمۆل (سی سێچارەکە دەنگیی) و می کاربیمۆل (می سێ چارەکە دەنگیی) بۆ ئەنووسرێت، تا ببێتە هێمای ناسینەوەی ئەم پەیژە مۆسیقاییە.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | T | K | K | T |
| 3 | 3 | 4 | 4 | 3 | 3 | 4 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**تێبینی:**


**لەوانەیە ببپرسین ...؛بۆچی دەڵێین دوو میانەی سێ چارەکە دەنگیی، کەچی لە نێوان میانەکاندا چوار جار ژمارەی ( ¾ ) ئەبینین؟ لێرەدا گرنگە بزانین کە میانە دەنگیی پلەی سێهەم و حەوتەم هەریەکەیان یەک چارەکە دەنگ لە پلەی دەنگی تەواو کەمترە، بۆیە ئەو کەمبوونە بۆتە هۆی ئەوەی کە میانەکەی لەگەڵ پلە دەنگیی پێش خۆیدا چارەکە دەنگێک کەمتر بێت (لەوەوبەر میانەیەکی تەواو بوو)، بەڵام لەم پەیژەدا ئەبێتە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی. هەروەها میانەکەی لەگەڵ پلە دەنگیی پاش خۆیدا میانەیەکی چارەکە دەنگیی زیاد ببێت، (لەوەوبەر نیو میانەیەک بوو)، بەڵام لەم پەیژەدا ئەبێتە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی. ئەم یاسایە بۆ هەردوو پلە دەنگیی سی کاربیمۆل و می کاربیمۆلە.**

**جۆرەکانی ئەم پەیژەیە:**

**1- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگیی سروشتی (ڕاست)،پەیژەی ڕاستی گەورەی پێ دەڵێن، پلە دەنگییەکانی سێهەم و حەوتەمی پلەی سێ چارەکە دەنگین لە دوو چوارینەی وەکوو یەک پێکدێت.**

**ا- چوارینەی یەکەم (خواروو). میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

| | | |
|---|---|---|
| T | K | K |
| 4 | 3 | 3 |




ب– چوارینەی دووهەمی سەروو

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

T K K

4 3 3

نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .





هەردوو چوارینەکە بەیەکەوە میانەی پلە دەنگییەکانیان بەم جۆرەی لێ دێت:

T K K T T K K

4 3 3 4 4 3 3


نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .




تێبینی:

لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر ئەم جۆرە لە پەیژەی دووهەمی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (پەیژەی مۆسیقایی پلەی سێ چارەکە دەنگیدار، کە بە پەیژەی ڕاست بەناوبانگە)، پلە سێهەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بەرز ئەکەنەوە، بە واتای ئەبێتە پلە دەنگی(سی سروشتی) و نازناوی پەیژە مۆسیقاکەش ئەبێت بە پەیژەی (ماهور). لەبەر ئەوەی ئەم پەیژە مۆسیقایە لای هەندێ لە میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیژەیەکی مۆسیقایی زۆر گرنگە، بەتایبەتی لەلای خۆمان لە کوردستان زۆربەی فۆرمە (شێواز)ە مۆسیقاییەکانی وەکوو ئەڵڵاوەیسی لەسەر بنیات ئەنرێت، بۆیە بە گرنگم زانی کە جۆری ئەم پەیژەیەش بخەمە پێش چاو.

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .



2- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی هارمۆنیی (ڕاست).


بریتییە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت و، پلەی دەنگی حەوتەمیشی ئەبێت بە سی سروشتی، (بە واتای چارەکە پلەیەکی دەنگیی بەرز دەکرێت و ئەم پەیژە مۆسیقایە پێیدەڵێن پەیژەی ڕاست حیجاز یان سۆزناک یان دڵکشا یان شەرەفنما و لای هەندێک نازناوی ڕاست نەواسر یان (زاویل)یشی پێ دەڵێن.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

T K K T S TS S

4 3 3 4 2 6 2

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .





3- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی میلۆدی (ڕاست):

بریتییە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت و، پلەی دەنگی حەوتەمیشی چارەکە پلەیەک نزم دەکرێت (بە واتای چارەکە پلەیەکی دەنگیی نزم دەکرێت). ئەم پەیژە مۆسیقاییە پێی دەڵێن پەیژەی (ڕاست کورد یان شورک لای هەندێک ئەسفەهان)یشی پێ دەڵێن.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:


نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




بەوهیوایەی لەم پەرتوکەمانا کەلتورەکەی خۆمان بیر نەکەیین،ئەوکەلتورەی بەهۆی ئەم چەشنە پەیژە مۆسیقایانەوە دەیان کاری بەپێزی پێ ئەنجام ئەدرێ، لەبەرئەوەی بەهیچ جۆرێک ناتوانرێ لەکەلتورەکەمانی داببڕیین، بۆیە پێویستە لەکەرەسەی فیربونەکانماندا بە بناغەیەکی زانستی هەوڵی سەرلەنوی بەکارهێنانیان بدەیین.

## ڕاهێنان لەسەر کلیلی (پەیژەی) دۆی گەورەی یەکەم – عەجەم

**پلەدەنگیەکانی پەیژەی دۆی گەورەی یەکەم (عەجەم)، بەمجۆرەیە :**




**نمونەیەکی باڕ (خانەی) یەکەمی ڕاهێنانێک ئەخەینە پێش چاو، بۆ ئەوەی تۆش باڕەکانی تری ڕاهێنانەکە وەکوو هەریەکێ لەو جۆرانە بژەنی، جۆرەکان :**

**1– لێگاتۆی دوودەنگی.**

**2– لێگاتۆی چواردەنگی.**

**3– ستاکاتۆ.**

**4– دێتاشێ.**


**5– سپیکاتۆ.**

**تێبینی : هەریەکێ لەو جۆری ژەنینانە لە خشتەی وشەبەکارهێنراوەکانی جوانکاری ژەنینی کەمانچە باسکراون، ئەتوانرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ.**



**ڕاهێنانی (38)**

30



# پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست)

## Rast





پەیژەی ڕاست لەگەڵ پەیژەی عەجەم چیاوازییەکی گرنگیان هەیە، ئەویش پلە دەنگی سێ هەم و پلە دەنگی حەوتەمی پەیژەی ڕاست پلەدەنگی سێچارەکە دەنگیین بەواتای پلەدەنگیەکانی بەم جۆرەیە :


(دۆ C – ڕێ D – میکاربیمۆڵ Eb – فا F – سۆڵ G – لا A – سیکاربیمۆڵ Bb – دۆ C)


پلەدەنگییەکانی پەیژەی دۆی ڕاست جیاوازترە لە بەیژەی دۆی عەجەم (ماجۆر)، بۆ ژەنینی پەیژەی دۆی ڕاست ئەبێ سەیری ئەو جێ پەنجانەبکەیین کە دەستنیشانمان کردووە, گرنگە لەسەرەتادا ڕاهێنانەکە زۆر بەخاوی ئەنجام بدرێ،بەتایبەتی لەسەرەتادا بە کاتی ڕۆند، بلانش، پاشان بەکاتی نوار و دوایی گرنگی بدرێ بەو جۆرە جوانکاریانەی کە بۆ ژەنینی ڕاهێنانەکەنوسراون.

پلەدەنگییەکانی بە نۆتەی مۆسیقا :





هەرچەندە پەیژەی ڕاست چەند جۆرێکی هەیە لەوانە :










**هەمان ڕاهێنانی ژمارە (38) پێشوو بە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی دۆ (ڕاست).**








هەر وەکو لەوەوبەر باسمانکرد: لەسەرخۆ ژەنینی پلەدەنگییەکانی پەیژەی دۆ ی ڕاست مایەی پەیدابوونی دەنگی جوان و لەبارە،

هەروەها ڕاهاتن لە سەر ژەنینی ڕاهێنانەکە بەوجۆرانەی کە نوسیومانە جۆرەکەشیماندەستنیشان کردوە، ڕێگەیەکی نزیکە بۆ گەیشتنە ئاکامی ژەنینی مۆسیقا بە شێوەیەکی زانستی و پرۆفیشیۆناڵی.



## ڕاهێنانی گشتی (39)



**تێبینی :**

**ژەنیار ئەتوانێ کۆی ژمارەی ساتەژەنینەکانی هەریەک بارِ کە بریتییە لە ماوەی ڕۆندێکی تەواو (چوار بژاردن ئەخایەنی) ، بە ماوەکانی کرۆش یان دەبڵ کرۆش بژەنێ. بەمجۆرەی خوارەوە کەتەنها نمونەمان بۆ باری یەکەم هێناوەتەوە .**





## ڕاهێنانی گشتی (40) هەردوو پەیژەی گەورە

### ( عەجەم – ماژۆر و ڕاست)




**تێبینی :** لەزانستی نوێی فێربوونی کەمانچەدا، دەستنیشانکردنی دانانی ژمارەی پەنجە بەپێی بۆچونی فێرکەرەکان ئەگۆڕێن، هەروەها لوانی جۆری ژەنیین لەگەڵ توانای فێرخوازیش هۆکارن.


## ڕاهێنانی پەیژەکانی مۆسیقا

بۆ ڕاهێنان لەسەر ئەم پەیژەمۆسیقاییانە، چاکتروایە فێرخواز بە جۆرەکانی تری کاتەدەنگییەکان کە لاپەرەکانی 10 و 11دا باسمانکردوون ڕاهێنانیان لەسەر بکات، هەروەهاهێماکانی جوان ژەنیین لەڕاهێنانەکاندا بەکاربهێنێ.


**1– دۆ (ماجۆر – عەجەم)، پەیژەی یەکەمی گەورە.**





**2– دۆ ڕاست، (پلەی سێ چارەکە دەنگی) پەیژەی دووەمی گەورە.**




**3– سۆڵ ماژۆر – عەجەم.**





**4– سۆڵ ڕاست.**





**تێبینی :**

**هێمای( ) واتای نیومیانە و ( ) بەواتای میانەی سێ چارەکەدەنگی.**


## 5– ڕێ ماژۆر – عەجەم.





## 6– ڕێ ڕاست.





## 7– لا ماژۆر – عەجەم.





## 8– لا ڕاست.





## 9– مى عەجەم – ماجۆر.




10– می ڕاست.





11– سی عەجەم – ماجۆر.





12– سی ڕاست.





13– فا (ماجۆر – عەجەم)، پەیژەی یەکەمی گەورە.




14– فا ڕاست،(پلەی سێ چارەکە دەنگی) پەیژەی دووەمی گەورە.





15– سی بیمۆڵ(ماجۆر – عەجەم)، پەیژەی یەکەمی گەورە.





16– سی بیمۆڵ ڕاست،(پلەی سێ چارەکە دەنگی) پەیژەی دووەمی گەورە.





17– می بیمۆڵ(ماجۆر – عەجەم)، پەیژەی یەکەمی گەورە.




18– میبیمۆڵ ڕاست،(پلەی سێ چارەکە دەنگی) پەیژەی دووەمی گەورە.





19– لابیمۆڵ (ماجۆر – عەجەم)، پەیژەی یەکەمی گەورە.





20– لابیمۆڵ ڕاست،(پلەی سێ چارەکە دەنگی) پەیژەی دووەمی گەورە.





21– ڕێ بیمۆڵ (ماجۆر – عەجەم)، پەیژەی یەکەمی گەورە.



## 22– ڕێ بیمۆڵ ڕاست، (پلەی سێ چارەکە دەنگی) پەیژەی دووەمی گەورە.





## 23– سۆڵبیمۆڵ (ماجۆر – عەجەم)، پەیژەی یەکەمی گەورە.





**ڕاهێنانێکی گرنگی ڕۆژانە :**

**لەمەوبەر ئەم نۆتەیەمان بەرچاو کەوتوە، کە شێوازێکی گرنگی پەنجەدان لەسەر شوێن پەنجەی کەمانچەیە، جا فێرخاواز ئەشێ ڕۆژانە ئەم کردارە بکاتەوە، هەرچەندە لەوەو بەر فێرخواز سەرپشک بوو لە بەکارهێنانی کەوانە و سەیرکردنی چۆنیەتی ئەو بەکارهێنانی جوانی کەمانچەیە، بەڵام لەمەودوا ئەشێ بەپێی پرۆگرامێک ئەو ڕاهێنانە بکات، جۆری ڕاهێنانەکانیش بەم شێوازانەیە: مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم ڕاهێنانە،کەپەنجەیەک لەسەر شوێن پەنجەدانرا ئیتر نەجوڵێنرێ، ئەم کردارەش بۆ بتەبوونی پەنجەکانە لە ڕووی ژەنەینەوە.**

**ڕاهێنانی ڕۆژانە بەم جۆرە :**



33




## پەیژەی کرۆماتیک

**پەیژەی یەکەمی گەورە (ماجۆر)**

**ئاشکرایە کە پەیژەی یەکەمی گەورە (ماجۆر – عەجەم) هەمان جۆرە کە لای ئەوروپییەکان بەکار دێت بۆ نموونە میانە دەنگیەکانی نێوان پلەدەنگیەکان تەنها نیو پلەیە.**

**بەمجۆرە:**

**دۆ ماجۆر کرۆماتیک :**

### C Major Chromatic Scale



هەروەها بەپێی ڕابەری پەیژە هەڵسوکەوت لەگەڵ پەیژەکانی تردا ئەکرێت، بەمجۆرە:
ئەو پەیژانەی خاوەنی بڵندکەرەوەکانن (#  دێز) :






ئەوپەیژە گەورانەی خاوەنی نەویکەرەوەکانن (بیمۆڵ– b) :–






## پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست).

هەرچەندە بەداخەوە ئەڵێم جۆری ئەم پەیژەیە (پەیژەی ڕاستی کرۆماتیک) لە بەر نەشارەزایی یان نەزانینی تیۆرە زانستیەکەی تائێستا وەکو پەیژەی کرۆماتیک بە تیۆری یان بەپراکتیکیش بەکار نەهێنراوە، بۆیە ئەبێ زۆر لە بەکارهێنانی بەئاگابیین.

وەکوئاشکرایە ئەبێ کۆی میانەکانی پەیژەی کرۆماتیک بکەنە (12) نیووپلە دەنگی، بەڵام ئەم کردارە لەبەر ئاسانکاری بۆسیستمی پراکتیکی هەردوو پلەدەنگییەکەی کەخاوەنی سێ چارەکەدەنگیین، تەنها یەکجار دوپات ببنەوەو هەریەکەیان یەکجار بە میانە سێ چارەکەدەنگیەکەی بەکاربهێنرێ بەمجۆرە :

1– لە سەر کەوتندا:

3 – 3 – 2 – 2 – 2 – 2 – 3 – 3 – 2 – 2

2– لە بەرەو خوار جوندا:

2 – 2 – 3 – 3 – 2 – 2 – 2 – 2 – 3 – 3

لەبەر ئەوەی پەیژەی ڕاست کە بەپلەدەنگی (دۆ) دەستی پێکرد یەکسەرخاوەنی هەردوهێمای نزمکەرەوەی سێکاربیمۆڵ و می کاربیمۆلە بۆیە ئەبێ ئاگاداربین و ئەبێ پلە دەنگییەکانی بەمجۆرە بن:

